# بەسە ئیتر گوێکانمان پڕ بوون ... کارمەند بەکر

ئەوەی لە کوردستان بژی ڕۆژانە بە دەیان جار گوێی بە ووشەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و داد پەروەری کۆمەڵایەتی ئەزرنگێتەوە و ئەوەی کە لەدەرەوەش بینەر و بیسەری ڕاگەیاندنەکانمانە وای حاڵی ئەکەن هیچ وولاتێك هێندەی کوردستان نە ئازادی تیایە و نە مرۆڤەکانیشی هێندە خۆشگوزەرانن.

باشە دەسەڵاتێك باسی دیموکراسی بکات دەبی ڕێگە بە ڕێپێوان نەدا کە سەرەتایترین مافی مرۆڤە، دەکری باسی ئازادی بکەیت و ڕێگەش بە ڕەخنە نەدەیت و خواوەندانە خۆت بە ڕاست و دروست بزانی، نازانم کەی تێدەگەن؟ ڕاپەڕین بۆ چی کرا و لەبەر چی کراو کی کردی و! بۆ ئەوە کرا خەڵکی برسی کەن و بیان کەنە دەستەمۆی خۆیان یان ئەوە جەماوەرە خاوەنی ڕاپەڕین و ئەوە هەر جەماوەریشە کە دەبی دەسەڵات لەو خەوە قوڵە هەستێنی کە ئێستا تێی کەوتووە و پێی بڵێن بە بی زەحمەت کات درەنگە هەستن لە خەو وا سیانزە ساڵە ئەخۆن و ئەیخەنە گیر فان و ئاودیوی سنوری ئەکەن ئی چی ماوە دەبەسە ئیتر با نەکەونە بەر ڕقی جەماوەر و ڕاپێچی بەر دەم مێژووی خیانەتتان نەکەن.

تا دوێنی بوو لەسەر برایم خەلیل و باشماخ ڕێنە ئەکەوتن و بە دەیان گەنجی ئەم کوردستانەتان بە کوشت دا ئەی ئێستا چیتان ئەوی، دیسان دەتانەوی برا بەسەر براوە بکەنەوە جاسوس یان وەکو مێگەل جەماوەر بدەنەوە پێش خۆتان و هەر چیتان بوی بڵێین بە سەر چاو؟ نا ئەو زەمانە گوزەشت و ئێستا بارودۆخ جۆرێکی کەیە، نە گومرگ ماو نە........ !!!!!!

تا دوێنی بوو شەڕی پارەتان ئەکرد هەر کامتان زیاترتان بەر کەوتایە دەنگتان نە ئەکرد بەڵام ئێستا شەڕتان بووە بە شەڕی پلە هەردووکتان هەوڵ ئەدەن کە زۆرترین کورسی و دەسەڵاتەکانی حکومەت و ئەو دوای لە دەست خۆتان بێت بەڵام بۆ وا دەکەن و دەتانەوی چی بە جەماوەر بڵێن ئێمەی هاوڵاتی دەسەڵاتی ئێوەمان بینی چیتان کردوو بۆ کوێتان برد؟ چۆن خۆتان تێر کردوو منداڵەکانتان نارد بۆ دەرەوەی کوردستان و زوو بیرتان چۆوە کە بۆچی ئەنفال کراین و هەڵەبجە لە بەر چی کیمیاباران کرا، ئەگەر لە بیرتان بمایە هەرگیز نە شەڕی ناوخۆتان ئەکردوو نە ماڵتان جیا ئەکردەوە و نە ئەو هەموو خێڵ و عەشیرەت و ماڵەشتان ئەکرد بە دوژمنی یەك.

ئێوە یەکی شارێکتان بە دەستەوەیە نە بۆتان بەڕێوە ئەچی و نە توانای زامنکردنی تەواویشتان پێ ئەکری ئیتر بۆ خۆتان ئەوەندەی تر ناشرین ئەکەن بەسە ئیتر لاف و گەزاف بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووتدا لێمەدەن و سەری خۆتان بپارێزن کورد واتەنی ( (زمان بوەستی سە ڕەحەتە) )
دەکری بپرسین لە ئێوەی دەسەڵات کە بۆ داوا لە هاوڵاتیان ئەکەن کە دەنگتان پێ بدەن لەبەر چی و بۆچی ئاخر کارەباتان بۆ کردوون بە بیست و چوار کات ژمێر یان ئاوەکەتان جوانە یان جادەکانتان، لە کاتێکدا کە تۆ ناوی خۆت ناوە دەسەڵات و حکومەتت هەیە

بەرپرسیاری لە هەموو مافێك و داواکارییەکی هاووڵاتیانت کە دابینی کەی چونکە حکومەت خزمەت گوزاری خەڵکە و لێی قبوڵ ناکا چی بێت و خیانەت لە نیشتیمانەکەی بکا کەواتە کەوانەبوو دەبێت حکومەتیش خۆی بە خاوەنی دابین کەری داخوازیەکان بزانی بەڵام کەی حکومەتی کوردی وای لێدی ئەمە مەتەڵە؟؟
ئەم مەتەڵەش زۆر قورس نییە ئەگەر خۆمان بەلا رێدا نەبەین.

کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo. com
21/11/05